# کەرنەڤال
# ئۆرکسترایەکی ڕەنگین و سۆلۆیەکی ناساز

سیروان ڕەحیم

ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠٠٣/٢/٢٧) کەرنەڤالی سالانەی (نۆردراین ڤێست فالن) لە وەلاتی ئالمان دەستی پێکرد. کەرنەڤالی ئەم ناوچەیەی ئالمان، جەژنێکی ڕەنگینە و بۆ ماوەی هەفتەیەک مرۆڤ دەتوانێ بەگەلێ دابونەریتی جیاواز ئاشنا بێت. کەژاوەکانی کەرنەڤال بەشێوازێکی هونەری زۆر ناواز دەرازێندرێنەوە. لەگەل چەند دۆستی ئالمان و ئاوروپایی کە بەگشتی خوێنکاری زانکۆ بوون، بەپێی بڕیاری پێشکات بەیەکگەیشتین و وەکو بەلێنیشمان دابوو هەرکەسەو کنجی کارنەڤال بپۆشێ هەروایشمان کردبوو. کە لەگەل ئەو دۆستانەدا پێکگەیشتین جلەکەی من لە وانیتر زیاتر پرسیاری لەمەڕکرا. من جلی کوردیم لەخۆکردبوو کە لە باشوری کوردستان و بەتایبەتیش لە شاری سلێمانی زۆری حەز لێدەکەن و پێیدەلێن (ستارخانی) ، بەگوێرەی زانیاری سەراوی خۆم دەربارەی جلی کوردی وەلامی پرسیارەکانیانم داوە. کەوتینە ڕێ، ڕوبەڕوی ئاپورەی خەلک بوینەوە تاکو بەوانڕا کەرنەڤال پیرۆز بکەین. گروپەکەی ئێمە گروپێکی فرە ڕەنگ بوو، بەجۆرێک کە ئالمان، سویسری، کورد، ژاپۆنی، کوبایی، دانمارکی و هیدیکەیشی تێداهەبوو. لەبەردەوامی ڕێپێوان و بەدرێژایی ئەو کاتەیش کە لەوێ بووین، لەلایەن کەسانی دیکەوە جاربەجار پرسیارمان ئاراستە دەکرا دەربارەی جۆری جلوبەرگ و ئاخافتنەکانمان.

ئەو ڕۆژە من تاکە یەک کەسم بینی کە بەپرسیاری بێ تام و دواتر بە بۆچۆنی ناڕاست و نادروستی خۆی میزاجی هەموانی تێکدا. بەلێ ئەو ڕۆژە تورکێک کە لە درێژەی باس و خواستدا بۆم دەرکەوت ئەویش خوێندکاری زانکۆیەو لە ئالمان لەدایک بووە و هەرلەوێیش گەورە بووە، بەبەرچاوی ئەوانی دیەوە پرسیاری لە من کرد ئەی ئەم جلانەی تۆ جلی چ مەملەکەتێکە؟ ئەرێ تۆ خەلکی کوێیت؟ من گوتم ئەمانە جلی کوردین، من کوردم و خەلکی کوردستانم. کابرای تاین یەکسەر شێوەی گۆڕدرا و سروشتێکی سەیر لەسیمایدا بەرجەستە بوو، لێی پرسیم، بەلام ئەو شوێنەی کە تۆ دەیلێیت بوونی نیە. بە هێمنی وەلامیمداوە، بەلێ نیشتمانی من بوونی هەیە، ڕەنگبێ تۆ گومان لە نیشتمانی خۆت بکەیت، بۆیە نیشتمانی ئەوانیتر ڕتدەکەیەوە، بەلام من نیشتمانی تۆ بە دراوسێی نیشتمانی خۆم دەزانم. کابرا بەنیاز بوو بە ڕاستی لە پێستی خۆی بێتە دەرێ. منیش زۆر لەسەرخۆ پێمگوت: ئێمە بەهیواین ڕۆژێک هزراندنی ئێوە بگۆڕدرێت و ئێمە بتوانین "لەیەک وەلاتدا نا" بەلکو وەکو دراوسێ پێکەوە هەلبکەین. نەک بەتەنها لەگەل ئێمە بەلکو بەهیوام ڕۆژێک دابێ ئێوە بتوانن لەگەل گشت دەروردراوسێکانتاندا هەلبکەن و ئیتر هەلنەکوتنە سەر کەس و مالی کەس داگیر نەکەن. ڕۆژێک دابێ ئێوە بتوانن زمانی ئەوانیتر و فەرهەنگی ئەوانیتر پەسەند بکەن. ئەو لەوەلامدا بەمنی گوت: بڕۆوە ئەم جلانە بگۆڕەو چیتر لێرەیش بیری جوداخوازی بلاومەکەنەوە (لەئایدۆلۆژیای فەرمی دەولەتی تورکدا هەموو داواکردنی مافێکی نەتەوەیی گەلانی نا تورکی جیابونەوە و پارچەکردنی تورکیا دەگەیەنێت، ئەمەیش لە کاروکردەوەدا واتای تیرۆر "تۆقاندن" دەگەیەنێت و دەبێ بە شێوازی توندوتیژ مامەلەی لەگەلدا بکرێت)

ئەو ڕۆژە قسەکانی ئەو کابرایە منی بە جۆرێک بردەوە کن وەلات و زێد، دەمگوت دەتۆ وەرە لە ئەوروپا ڕوبەڕوی ئەم جۆرە ڕامان و هزرەدا ببەوەو ئاوا هەلسوکەوتت لەگەلدا بکات، تورکێکی خوێندەواری دانیشگایی لە ئالمان دان بەبونتدا نەنێت و جلوبەرگ و چاندت ڕەت بکاتەوە، دەبێ سبەی



www.kurdistannet.org

"بەهیوام هەرگیز ئەو کارەساتە ڕونەدات"، لە هەولێر سەربازێکی تورک بەسەرپشتی تانکەکەیەوە چۆن مامەلە لەگەل زمان و فەرهەنگ و بوونی کورد دا بکات!؟

بەداخەوە ئەو تورکەی کە ئیمرۆ هەیە و ئەو بیرەی کە ئەوان ئیمرۆ کاری پێدەکەن، بە هەموان دەلێ: تورک لە جێگەیەک هەبن دەبێ ئەوانی دیکە لەوێ بونیان نەبێت. زمانی تورکی لە جێگەیەک هەبێت دەبێ زمانانی تر مردن هەلبژێرن. جێگەی داخە، بەلاّم ڕاستیەکی ڕوتە، کە ئەوە هزر و ڕامانی تورکیای ئیمرۆیە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت